

هاوار طيب

## كچێك لەباران

كچێك وەك نمەی باران دێت و
لەپەنجەرەی تەنیاییم دەدا
ئاشنام دەكاتەوە بەخۆی!!

كچێك..

لەشكۆفەی وەرزی ئەویندا
ئەمباتەوە نێو حەسرەتییەكانی خۆی و
خەرقی جیهانی مەست بوون و
لێک ئالانم ئەكا

كچێك لەنەشئەی خەیالا
خەریكی پركردنی رەنگە
كرسیتالیەكانی ژیانە و
هەتاو دلی بۆرادەخا

كچێك بیرەوەریەكانی
لەسەردەروونی ئاو دەنووسییەوە
تاهیواكانی لەنێو دەریا بچنێتەوە

هاوار تەیب